# پـــڕۆژەی

# بـە کەلەپورکردنی پشـــدەر



**بـە سـەرپەرشتی (علی قادر ناسـراو بە علی دینکـە) و بەهاوکاری و پشتیوانی ناوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی قـەڵادزێ لـە سلێمانـی.**

پرۆژەی بە کەلەپور کردنی پشدەر

# پڕۆژەی بە کەلەپورکردنی پشدەر

## پڕۆژەکە پێکدێت لەو بەشانەی خوارەوە:

١. دروستکردنی دوو پەیکەر (پەیکەری فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و پەیکەری پورە سەلمە).

٢. دروستکردنەوەی ڕەشماڵێکی کۆن و ماڵێکی ساڵی ٦٠ەکانی قەڵادزێ هەر لەناو ئەو ماڵەدا.

٣. کۆکردنەوەی ئەو کەرەستانەی لە دوو سەدەی ڕابردوودا لەلایەن خەڵکی پشدەر بۆ ئیش و کاری ڕۆژانە بەکارهاتوون، لە شوێنێکدا بەناوی ( ماڵی هەمووان یان ماڵی قەڵادزێ).

٤. دروستکردنەوەی چەند پیشەوەرێک بە شێوەی بووکەڵە کە لەسەدەی ڕابردوودا بوونیان هەبووە.

٥. کۆکردنەوەی وێنەی کەسایەتییەکانی قەڵادزێ و وێنەکانی پشدەر لە سەدەی ڕابردوودا و وێنەی هەموو گوندەکانی پشدەر و کەمێک زانیاری لەسەریان، لەسەر کاغەزی A3 لە(ماڵی هەمووان یان ماڵی قەڵادزێ)دا هەڵدەواسرێن.

٦. کۆکردنەوەی نووسراو و دەست نووسەکانی سەدەی نۆزدە و بیستی پشدەر و دانانیان لە ناو ماڵەکەدا.

## ژمارە مۆبایلی سەرپەرشتیاران:


- علی دینکە ٠٧٥٠٢٢٤٦١٦٠
- ناوەندی ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتی قەڵادزێ لە سلێمانی ٠٧٧٠١٥٢٤٨٤٣

# تێچووی پــــڕۆژەکــە

| ژمارە | بڕگە | یەکە | بڕ | نرخی<br>بڕگە/دینار | کۆی دینار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی پەیکەری فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە | دانە | ١ | ٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٥،٠٠٠،٠٠٠ |
| ٢ | پەیکەری پورە سەلمە | دانە | ١ | ٥،٠٠٠،٠٠٠ | ٥،٠٠٠،٠٠٠ |
| ٣ | دروستکردنەوەی ڕەشماڵێکی کۆن و ماڵێکی ساڵی ٦٠ەکانی قەڵادزێ هەر لەناو ئەو ماڵەدا. | دانە | ١ | ١،٥٠٠،٠٠٠ | ١،٥٠٠،٠٠٠ |
| ٤ | کۆکردنەوەی ئەو کەرەستانەی لە دوو سەدەی ڕابردوودا لەلایەن خەڵکی پشدەر بۆ ئیش و کاری ڕۆژانە بەکارهاتوون. | کۆ | ١ | ٣،٠٠٠،٠٠٠ | ٣،٠٠٠،٠٠٠ |
| ٥ | کۆکردنەوەی وێنەی کەسایەتییەکانی قەڵادزێ و وێنەکانی پشدەر لە سەدەی ڕابردوودا و وێنەی هەموو گوندەکانی پشدەر و کەمێک زانیاری لەسەریان، لەسەر کاغەزی A3 و هەڵواسینیان لە ناو ماڵەکەدا. | کۆ | ١ | ٢،٠٠٠،٠٠٠ | ٢،٠٠٠،٠٠٠ |
| ٦ | دروستکردنەوەی چەند پیشەوەرێک بە شێوەی بووکەڵە کە لەسەدەی ڕابردوودا بوونیان هەبووە، و دانانیان لە ناو ماڵەکەدا. | کۆ | ١ | ٤،٥٠٠،٠٠٠ | ٤،٥٠٠،٠٠٠ |
| ٨ | کۆکردنەوەی نووسراو و دەست نووسەکانی سەدەی نۆزدە و بیستی پشدەر، ودانانیان لەناو ماڵەکەدا. | کۆ | ١ | ١،٠٠٠،٠٠٠ | ١،٠٠٠،٠٠٠ |
| **کۆی گشتی / بیســت و دوو ملیــۆن دینــار** | | | | | **٢٢،٠٠٠،٠٠٠** |

## پــــەیکــــەرەکـــان :

### ١. پەیکەری فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە:

ناوی پەیکەر : پەیکەری فەقێ ئەحمەدەی دارەشمانە.



## ٢. پەیکەری پورە سەلمە:

ناوی پەیکەر : پەیکەری پورە سەلمە



## ماڵی هەمووان یان ماڵی قەڵادزێ :

**(ماڵی هەمووان یان ماڵی قەڵادزێ) ماڵێکی کەلەپورییە و لە چەند بەشێک پێکهاتووە لە خوارەوە بە وێنە ڕوونکراوەتەوە:**

- **بە شێکی پێکهاتووە لە کۆکردنەوەی وێنەی کەسایەتییەکانی قەڵادزێ و وێنەکانی پشدەر لە سەدەی ڕابردوودا و وێنەی هەموو گوندەکانی پشدەر و کەمێک زانیاری لەسەریان، لەسەر کاغەزی A3 کە لە ناو ماڵەکەدا هەڵدەواسرێن، ئەمەش چەند نمونەیەکە لە وێنەکان:**





پرۆژەی بە کەلەپور کردنی پشدەر

# هۆمەری برایمی قوربانی

- ناوی تەواوی ( عمر ابراهیم قوربانی علی )ە.
- لە ساڵی 1940 لەدایك بووە.
- لە بوارەکانی شانۆ و گۆرانی و وەرزش کاری کردووە.
- لە چەندین شانۆگەری بەشداری کردووە وەك (کاوەی ئاسنگەر ،ڕەشی گامێش خۆر ، پیرێژنی حلە باز و چەندانی تر ).
- ئەندامی کارای تیپی میللی قەڵادزێ بووە.
- لە ساڵی 1958 لە کۆشکی کۆماری بغداد سەرباز بووە, پاسەوانەکانی عبدالکریم قاسم سەرۆك کۆماری ئەوکات بووە.
- یاریزانی مسارەعە بووە بەهۆی بەهێزی لاشەی.
- پێشمەرگەی ئەیلول بووە و بەو هۆیەوە بۆماوەی سێ ساڵ دوورخراوەتەوە بۆ خوارووی عێراق.
- لەساڵی 2003 کۆچی دوای کردووە.

زانیاریەکان و وێنەکە لە (عبداللە قوربانی کوری ) وەرگیراون

- ئەمانەی خوارەوەش بەشێکن لە دیمەن و شێوەی ناو ماڵەکە ( وێنەکان وێنەی ڕاستەقینەی ناو ماڵەکە نین و تەنها وەک نمونە بەکارهاتوون ):





